# گوایە جێگر و بەدیلی زلپارتەکانی باشووری کوردستانن!!

هشام ئاکرەیی
karzan@spray.se

لە باشووری کوردستان کۆمەڵێ پارت و ڕێکخراوی سیاسی هەن. هەر یەک لەوانە دروستکراون بە مەبەستی ڕۆژێ لە ڕۆژان دەسەڵات بگرنە دەست، یان هەر هیچ نەبێ بەرگری لە چێن، توێژ یان گەل ونەتەوەی ئەو وڵاتە بکەن و ببنە نوێنەری ئەوان. هەندێ لەو پارتانە پێش زلپارتەکان دروستکراون و هەندێکیش دوای زلپارتەکان. بەڵام هیچ کامیان نەیتوانیوە جەماوەرێکی بەرفراوان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە وبەڕاستی ململانێ لە گەڵ هەردوو زلپارتەکەی باشووری کوردستان بکا.

هۆیەکان زۆرن. لەم بابەتەدا باسی سیاسەتی زلپاتەکان بەرامبەر بە پارتە بچووکەکان، ناکەم. بەڵکوو باسی تەوەرێکی شێوەی خەبات و هەڵسووکەوتی مەیدانی ئەو پارتە بچووکانە دەکەم بەرامبەر بە ڕۆداوەکانی ڕۆژانە و هەنووکەیی. کە بە ڕای من هۆیەکی سەرەکی کەشەنەکردنی ئەو پارت وڕێکخراوانەیە. هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی گشتی باسی لەو پارتانە بکەم.

چونکە بزۆتنەوەی ئیسلامی و کۆمۆنیستی لە باشووری کوردستان، لە سەر بنەمایەکی فیکری گشتی وشمولی و ئادیاییێکی دیاریکراوی نەگۆڕ و دوور لە هەلومەرجی ئەمڕۆی گەلی کوردستان تاکتیک و ستراتیجی خۆیان دادەنێن، بۆیە بابەتەکەم ئەوان ناگرتەوە.

پارتێکی ئیسلامی تەواو دەبێ دژی مانەوەی هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانان بێ لە باشووری کوردستان و عێراق. هەروەها دەبێ خەبات بۆ دروستکردنی وڵاتێکی ئیسلامی بکات کە بە گوێرەی شەریعەت و قورئان و حەدیس بەڕێوە بڕوات. دیموکراتیەت لە ئیسلامدا نیە و تەنیا شورای موسڵمانان هەیە. دواترین دەسەڵات لە ئیسلامدا، ئیجماعی پیاوانی ئاینیە لە سەر شتێک نەک گەل. فەتواکانی حائری و سیستانی و سەدر ومەلا کرێکار، باشترین بەڵگەی حازرو تازەی ئەم قسانەن. لە ئیسلامدا فەتوا کار دەکات نەک هەڵبژاردن. هەر پارتێکی تری ئیسلامی جیا لەم بیروباوەڕانە کار بکات، یان دروستکراوە بۆ تێکدانی ئیسلام، یانیش خۆ بێدەنگ کردنێکی کاتی یە تاوەکو پارتە ئیسلامیەکە بەهێز بێت و بارودووخ بگۆڕدرێن و ئینجا بە شمشێر یاسای ئیسلام دابمەزرێنن. لە بەر ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری جەماوەری خەڵکی باشووری کوردستان لە ڕۆژی ئەمڕۆدا لە گەڵ ئەم بۆجوونەدا نین، بۆیە پارتە ئیسلامیەکانی تەواو (نەک ئەوانەی خۆیان بێدەنگ کردوە تاوەکوو بەهێز بن وەک یەکگرتووی ئیسلامی لە کوردستان) لەم کاتەدا ناتوانن ببنە بەدیلی زلپارتەکان.

پارت و ڕێکخراوە کۆمۆنیستیەکان بە هەمان شێوەی ئیسلامیەکان، نابێ لە گەڵ مانەوەی هێزی ئیمپریالیستەکان بن لە عێراق و باشووری کوردستان و دەبێ بە شێوەیەکی چالاک و شۆڕشگێرانە دژ بەو هێزانە ڕاوەستن و بەرەنگاریان ببنەوە. ئەگەر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بواری دیموکراسی هەبێت بۆ خەباتی دیموکراسی، ئەوە ئەو بوارە لە عێراقدا نیە. بۆ پارتێکی کۆمۆنیستی نیە بکەوێتە بەرەیەک بە سەرکردایەتی سەرمایەداران بێت. بۆ پارتێکی کۆمۆنیست گرنگ نیە گەلی عیراق ناسیونالیستێکی عەرەب یان کورد بەڕێوەی ببات. بۆ پارتێکی کۆمۆنیست خەباتی چینایەتی گرنگە. خەباتێک کرێکاران و زەحمەتکیشان ڕزگار بکات لە ستەمی سەرمایەداری. لێرەدا دەتوانین باس لە دوو جۆرە کۆمۆنیست بکەین. ئەوانەی گرنگی دەدەنە ڕزگاری گەلان و سەربەخۆیی گەلان و خەباتی دیموکراسی لە وڵاتانی سەرمایەداریدا. دوو ئەوانەی هەر خەباتێکی نەتەوەیی بە ناسیونالیزم لەقەڵەم دەدەن و ئامادە نین بە شێوەیەکی ئاشتیانە سوود لە دیموکراتی سەرمایەداری وەربگرن و بەو شێوەیە هەوڵ بدەن بگەنە دەسەڵات. لە بەر کۆمەڵێ هۆ کۆمۆنیستەکانیش ناتوانن ببن بە بەدیلی زلپارتەکانی باشووری

کوردستان، به تایبەت ئەوانەی تەکفیری ناسیونالیزم و سەربەستی گەلان دەکەن لە وڵاتێکی داگیرکراوی وەک کوردستان.

ئەو پارتانەی کە بەندە دەیەوێت باسیان بکات زیاتر، پارتی نەتەوەیی و چەپی باشووری کوردستانن. ئەوانەی خەبات دەکەن بۆ ڕزگاری باشووری کوردستان لە ستەمی میللی و چینایەتی. ئەوانەی کوردستان و خاکەکەی و گەلی و چینەکانی مەبەست یەتی. ئەمانە تا وەکوو ئیستا هەبوون و نەبوونیان لای جەماوەر وەک یەکە. بەڵکوو بەپێچەوانەوە زلپارتەکان سوودێکی باشی لێیانی وەرگرتووە. وەک بڵێی بۆ جوانکردنی دەسەڵات خەبات دەکەن. تاوەکوو ئیستاش چاوەڕێی زلپارتەکانن جێگایان بدەنێ و لە جیاتی ئەوان لە گەڵ ئەمریکا قسە بکەن. چەندەها پارتی بچووکبچووک لە عێراق کە ژمارەی ئەندامەکانیان بە قەد تەمەنی ئەو پارتە بچووکانە دەبێ، بۆنە خاوەن ئەندام لە کۆمیتەی بەرێوەبردنی عێراق کە لە لایەن برێمەرەوە ئامادەکراوە. هێشتا پارتە بچووکەکانمان تەنیا لە تەلەفزیون برێمەریان دیوە. (مەبەست چالاکی ئەو پارتانەیە نەک گەورەیی برێمەر) . چەندین کەسانی تاک و سەربەخۆ بارودووخی تازی باشووری کوردستانیان شیکردەوە و بۆ دیموکراسی کار دەکەن، پارتە بچووکەکانمان هێشتا بە شێوەی جاران کاردەکەن، کاتێ یارمەتی و مانگانەیان لە زلپارتەکان وەریان دەگرت. تۆ بڵێی تاوەکوو ئێستاش مانگانە و ئابوونە هەر لە زلپارتەکان وەرگرن نەک لە ئەمریکا یان دەسەڵاتی باشوور!! پارتە بچووکەکانمان بە هەما ن شێوەو ئاستی زلپارتەکان کاردانەوەیان هەیە بەرامبەر بە ڕۆداوەکان. بەم شێوەیە هێچ جیاوازیەکیان نیە لە گەڵ زلپارتەکان. بۆیەش جەماوەر پشتگیری ئەوان ناکا و ناتوانن ببن بە بەدیل.

هەر پارتێک دەبێ لەگەڵ ئەو ڕۆداو و بۆیەرانە بێ ئەوانەی جەماوەر دەجوڵێنن. بۆ نموونە، لەم ڕۆژانەدا چەند سەربازێکی تورک لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە گیران بە تاوانی هەوڵدان بۆ کوشتنی پارزگاری کەرکوک. دەربارەی ڕۆداوی بەم چەشنە، چەند ڕاستیەک هەن:

» **هەموو گەلی کوردستان دژی مانەوەی لەشکر و میتی تورکیان لە باشووری کوردستان.**

» **ئەمریکا چەندین جار دوای کردوە تورکیا پاشەکشێ بەسەربازەکانی خۆی بکات لە باشووری کوردستان.**

» **پەرلەمانی کوردستان بە سوپاسەوە داوای کردوە تورکیا لەشکرەکەی بگەڕێنتەوە دەرەوەی کوردستان.**

» **ئەوە دوو جارە لەشکری تورکیا هەوڵی جێبەجێکردنی تاوان دەدات لە باشووری کوردستان.**

هێچ کاتێک کورد ئەرگومێنتی ئاوا بەهێزی نابێ، دژ بە مانەوەی لەشکری تورکیا لە باشووری کوردستان.

فورسەتێکی ئاوایی بۆ هیچ پارتێکی خەباتگێر نەڕوخساوە خۆی لێ بکا بەخاوەن و ئاڵای دەرکردنی شەربازەکانی تورکیا بەرزکاتەوە و سەرکێشی جەماوەر بکات.

ئەگەر زلپارتەکانمان دەست بە نارەزایی و خۆپێشنندان نەکەن و داوا نەکەن لە ئەمریکا، لەشکر و میتەکانی تورکیا دەرخا لە باشووری کوردستان، ئەوە باشترین دەلێڤەو بوارە بۆ پارتە بچووکەکان ئەم داواکاریە بەرزکەنەوە. با ئەم جارە پارتە بچووکەکان بریارێکی پەرلەمانی کوردستان و دواکاریەکی جەماوەر سەرکێشی بکەن و جێبەجێی بکەن. ئەگەر ئەم پارتانە بەردەوام بن لە سەر هەمان شێوەی خەباتی جاران و چاوەڕێی بریاری زلپارتەکان بن بۆ هەر هەنگاوێک، باشتر وایە وەک پارتەکەی ئەدهەم بارزانی (حزب اللای کوردستان) ئەوانیش خۆیان حەل کەن.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.